# له كوردستان بازرگانی به بەرهەمی هونەرمەندانەوە دەكریٚو وەزارەتی رۆشنبیریو ڕیٚكخراوی هونەرمەندانیش لیٚی بیٚدەنگن

هیٚرش رەسولٚ
Herish82@yahoo.com

گەنجیٚكی گەنمرِەنگی لەدایكبووی كەركوكەو بە جلوبەرگیٚكی كوردی جوانەوە، بە جۆشوخرۆشی پڕ لە تاسەی دیٚهاتی كوردەوارییەوە، لە كۆتایی حەفتاكانی سەدەی بیستدا هەر بە ڕیٚكەوت دیٚتە سەر شانۆو لە تەك رەشبەڵەكی كیژو كورِە جوانەكاندا گۆرانی "دەسماڵیٚ" دەچرِیٚو لە بەغدای پایتەختدا، وەك ئەوەی لەبەر نسیٚی درەختیٚكی شارباژیٚردا دانیشتبیٚت، پڕ بە گەرووی هاوار دەكات: "دەسماڵیٚ، دەسماڵیٚ، لیٚ لیٚ دەسماڵیٚ.. بۆ دەسرە بادانیٚ دەچتەوە ماڵیٚ.. لە ئامیٚزیٚی دەگرم بۆ من هیچ ناڵیٚ...".
ئیتر هەر ئەو ڕیٚكەوتە جوانە بوو وەك شنەبایەكی پایزی لەگەڵ خۆی راپیٚچیكردو لە هەوارە جوانەكەی موزیك‌و گۆرانی رەسەن گیرساندیەوە.
ئیدی لەگەڵ ئەوەی، ئەو یارەكەی لە ئامیٚز گرتو، یاریش متەقی نەكرد، دنیای هونەری سترانبیٚژی كوردیش ئەوی خستە ئامیٚزە گەرمەكەی خۆیو لەو رۆژەوە بوونە دوو عاشق كە ناتوانن چركەیەك چییە بیٚ یەك بژین.
ئەگەرچی ئەو لە منداڵیەوە لە رادیۆكەی باوكییەوە شەیدای دەنگی زیرەك‌و ماملیٚ ببوو و بەردەوام گویٚی لیٚدەگرتن‌و ئاویٚتەی رۆحی ببوون، خۆیشی هەمیشە گۆرانیەكانی دەوتنەوەو كردبوونیە هاورِیٚیەكی گیانی بە گیانی، بەڵام كە سیٚی ناوەندی تەواوكرد لەبەر خراپی باری گوزەران نەیتوانی بچیٚتە بەغداو لە بەشی موزیكی پەیمانگای هونەرەجوانەكان بخویٚنیٚ، بۆیە ناچار چووە بەشی شیٚوەكاری پەیمانگای هونەرەجوانەكانی سلیٚمانیو ئیحساسە هونەریەكانی لەنیٚو رەنگ‌و سیحری نیگاركیٚشاندا بەرجەستە كرد.
عەدنان كەریم، هەر خویٚندكاری بەشی شیٚوەكاری بوو كە گۆرانی "شەوی تاریك‌و بیٚدەنگی.." تۆماركردو بە زوویی لە ناوەندی هونەریو جەماوەرییدا دەنگیدایەوەو هەر لەو سەرەتایەوە وەك هونەرمەندیٚكی گەنجی جیٚگەی ئومیٚدی گەورە خۆی ناساند.
ئەو هونەرمەندە بەهرەدارە جگە لەوەی گۆرانیی پیٚشەكیی درامای "ژاڵە" ی وتوە، لە چەند شانۆییەكیشدا گۆرانی چرِیوەو جوانییەكی دیكەی بەخشیوەتە كارە هونەرییەكە.
خۆشەویستی لە ئەندازە بەدەری "عەدنان" بۆ هونەری موزیك‌و گۆرانی وایكردووە ویٚرِای خویٚندنی هونەری شیٚوەكاریو پاشتریش كاركردن لەو بوارەو لە بواری گۆرانی وتنیشدا، هەوڵ بۆ فیٚربوونی موزیك بداتو پتر لە رۆحی جاویدانیی موزیك‌و ئەو دنیای تایبەتە نزیك ببیٚتەوەو زۆربەی ئاوازی گۆرانییەكانی هی خۆی بن، تەنانەت ئاواز بۆ چەند گۆرانیبیٚژیٚكیش دابنیٚت.

کاتێکیش باس لە تێکستی گۆرانی دەکەین لە هونەری کوردیدا، ناکرێ "عەدنان کەریم" بە پێشەنگی گۆرانیبێژی بە سەلیقە حسێب نەکەین لە هەڵبژاردنی ئەو دەقە زۆر جوانانەی کە لەگەڵ میلۆدییە ناسکەکاندا ئاوێتەیان دەکاتو پێشکەشی گوێگری هونەریی رەسەنیان دەکات. چۆن لە هەواری "نالیو مەحویو وەفاییو کوردیو بێخود"ەوە دەچێتە خەراباتەکەی "هێمن"و لەوێشەوە بۆ غوربەتەکەی "محەممەد عومەر عوسمان"و ئینجا بۆ نێو کەشتیە سپیەکەی "بەختیار عەلی"؟! بەمەش کار لەناو بەرهەمی جیلو رێبازە جیاوازەکانی شیعریی کوردی دەکاتو سیحری ئەو قسەیەش بەتاڵ دەکاتەوە کە پێیوایە: "عەدنان تەنها گۆرانیبێژی تێکستی کلاسیکی کوردییە." !

عەدنان کاری لەگەڵ چەند هونەرمەند کردووە لەوانە: محەممەدی مامڵێو محەممەد دانشو، خاوەنی ئەلبومەکانی: (بیرتان دەکەم، راز، شەوی یەڵدا، ئەڕۆی ئۆغر، شنەی با، تاڤگەیەك لە عیشق، ئەمشەو)ە، هەروەك ساڵی پار لە کارێکی ناوازەدا لەگەڵ تیپی ئۆرکێسترای سلێمانیو گروپی موزیکی گەڕیان لەگەڵ مامۆستا ع. ج. سەگرمە چامە بەناوبانگەکەی نالی لەنێو بۆتەی چەند ئاوازو میلۆدییەکی جیاوازی رەسەنی کوردیدا چڕیو جوانییەکی تری بەو تێکستە نەمرەو ئاهێکی تری بە گوێگری رەسەنایەتی بەخشی، هەروەك ئەمە یەکەمین کاری ئۆرکێسترالی کوردی بوو لەگەڵ گۆرانیدا.

دواجار، لەبەردەم کۆششو بەخششە هونەرییەکانی زاتێکی ئاوها بەهرەمەنددا ئەوەی نیگەرانمان دەکات بێدەنگی وەزارەتی رۆشنبیریو گروپو رێکخراوە هونەرییەکانمانە لە ئاست کۆپیکردنی سیدیو بڵاوکردنەوەی ئەو گۆرانییە تایبەتیانەی کە هونەرمەند لە شوێنی تایبەتو تەنها بۆ خۆی وتونی، هەقە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەر بە بڵاوکردنەوەی هەموو کارێك بگرن کە شێوەی فەرمی لەخۆنەگرتووەو بێ رەزامەندی خاوەنەکەیو تەنها بۆ بازرگانیکردن بەکاردێت.

پێویستە یاسایەك دابڕێژرێ مافی هونەرمەندی تێدا بپارێزرێو ئەوەی پێیدەوترێت: مافی کۆپیکردن (کۆپی رایت) رەچاو بکرێتو سزای یاسایی ئەو کەسو شوێنو لایەنانە بدرێت کە بێ پرسی خاوەنەکەی بەرهەمی گۆرانیبێژ کۆپیدەکەنو بڵاودەکەنەوەو بازرگانی پێوە دەکەن.

هەروەك ئەم مەسەلەیە لایەنێکی ئێتیکی (ئەخلاقی) یشی هەیە، ئەویش پەیوەندی بە گوێگرو تۆمارگاو شوێنەکانی فرۆشتنو کۆپیکردنی کاسێتو سیدییەوە هەیە، کەوا پێویستە لە روی ئێتیکیەوە رێگا بە خۆیان نەدەنگۆرانییەك یان کۆمەڵە گۆرانییەك کە هونەرمەند لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا تەنها بۆ خۆی وتویەتی، کۆپی بکەنو بیفرۆشنو بڵاوی بکەنەوە!

من لێرەدا لە خۆشەویستیم بۆ دەنگو هونەری عەدنان کەریم تەنها ئەوم بە نمونە هێناوەتەوەو لەو پێشەکیەی لەمەڕ ژیانو بەرهەمو کاری هونەریی ئەو هونەرمەندەوە چومەتە ناو بابەتەکە، بەڵام بەر لەویش دانیشتنی تایبەتی هونەرمەندی دیکەش کۆپیکراوەو وەکو "بەرهەمی نوێ"ی هونەرمەندەکە بازرگانی پێوەکراوە!

www.dengekan.com
5/30/2007